# بۆ "عومەر" و پۆستەچییەکەی:
# کە خانوتان لە شووشە بوو، بەرد لە خانوی خەڵك مەگرن!

**نوری بێخاڵی**

لەلاپەڕە "11" ی ژمارە "201" ی هەفتەنامەی "میدیا" دا، " عومەر" ناوێك لە وەڵامی وتارێکی مندا ، کە لە ژمارە "198" ی هەمان هەفتەنامەدا بلاوبوەتەوە ، لەبری گفتوگۆی شارستانیانە ، دابەزیوەتە نزمترین ئاستی ئەخلاقی و لە جیاتی پەنابردن بۆ لۆژیکی عەقلێ ، _شەلم کوێرم ، نابوێرم" کەوتونەت تۆمەت هەڵبەستن و تانەوتەشەری بێ بنەما ، مەگەر تەنها لە هەمبانەکەی خۆی و ئەوانەدا هەبێت کە لە پشتییەوە ختوکەیان داوە .

ئەو بە کۆمەڵێ دەستەواژەی پچڕ پچڕ و زانیاری دووبارە ، گوایە دەیەوێ هەندێ شتم لەبارەی ئیسلام و مێژووەکەیدا فێربکات ، بێ خەبەر لەوەی کە هیچ شتی نوێی نەگوتووە و قسەی نەستەقی دووبارەوەبوون , هەمان ئەو پاساوە منالبازاڕی و گاڵتەجاڕییانەن کە خۆی و هاوبیر و پیشەکانی بۆ فرۆشتن و ساخکردنەوەی حەقیقەتە ڕەهاکانیان دەیجوونەوە ..ئەگەر وانییە ، ئەی ئەوە چ عەقڵێکی دۆگما و دنیابینییەکی ئیفلیج و بیرکردنەوەیەکی نەزۆکە و دەیەوێ پێمان بڵێت ، تەنها ئەو دەق و سەرچاوە مێژووییانەی میزاجی خۆمان دەیخوازێ ڕاستن و قبوڵمانن و ئەوەی ئێوە چەواشەکاری و هێرشی دلڕەشی جاچپەرستانن؟!

"عومەر" کە پەروەردەی "فەلاقەخانەی!" پۆستەچیەکەیەتی و هەر بە زەبری فەلاقە فێری هەندێ شت کراوە ، زۆر لەوە گوناهتر و بێدەرەتان ترە، تا منیش بێم ولێرە پەڕەی بکەم ...ئێ ئەو کۆلکە خوێندەوارە و سادەگۆیە ، کەوا بەفیتێك براوەت سەر کەلی دار و لەخشتە برابێت و بێ ئەوەی من بناسێ و شارەزای من بێت ، حوکمێکی پێشوەختەی کوێرانەی وابدات کە نەشارەزا و دەستکورت و بەسەزمانم لە کلتوری ئیسلام دا ن چە پێوەری بروا و ئەخلاقی ئێمەی عەلمانی تاوان و بێویژدانییە ، قوربان برینـدار بکەین ..باشە بەو بەرێزە دەڵێم : چی دەڵێیت کە پێت رابگەیەنم ، ئەو دەمەی تۆ وەك چۆلەکەی سەربڕاو لە ترسی فەلاقەی مامۆستاکەتدا " ئەفزەر ئا و دەمزەر ئەللیت" دەگوتەوە ، من لە زانکۆ و لەسەر دەستی مامۆستا و پسپۆری شارەزا عەقائید و فیقهـ و شەریعە و علومەکانی قورئان و حەدیسم دەخوێند؟ ئەو کاتەی تۆ لە حوجرەی پۆستەچییەکەتدا خەریکی ئەزبەرکردنی جزو عەممە بوویت ، من بەرگەکانی مێژووی "طبری"م هەڵگێڕ و وەرگێڕ دەکردن..ئەی چی دەڵێیتکە بەقەد بەژنی جەنابتان سەرچاوە و کتێبم لەسەر دیرۆك و فەلسەفەی ئیسلام خوێندۆتەوە؟ لەم دەرفەتەدا نا ، بەڵکو لە

شوێنکاتێکی تر بۆ وەڵامی تۆ و پۆستەچییەکەت ، خوا یار بێت و " مام هێمن" گوتەنی : تەمەن مەودا بدا ، هەر لەسەر لاپەڕەکانی ئەم هەفتەنامەیەدا قسە دەکەم .

"عومەر" گیان ، تۆ زۆر لەوە بەسەزمان تری ، تۆڵەی هەڵچوون و کەفوکوڵە هەرزەییەکەت لێبکەمەوە..تۆیێك بە ختوکەیەك لەگەڵ زەنگی کلێسادا کەوتیە شەڕ ، چۆن لە خۆمی دەوەشێنمەوە لەگەڵتا بکەومە دمودوو...

دەزانی کە ئەو نووسینەی بلاوکراوەتەوە هی خۆت نییە ؟ ئاخر تۆ زۆر لەوە بێ تفاق تری بێیتە نێو ئەو گەمەیە ، بەلاّم مخابن بێویژدانیان لەگەڵدا کردیت و تۆیان کردە نێچیرێکی چەوری تیری قەڵەمەکەم ، لەگەڵ ئەوەشدا دڵنیات دەکەمەوە کە عەلمانییەت فێری کردووین لەوە گەورەتر و لێبوردەتر و بەبەزەیی تر بین ، کە لەگەڵ قوربانییە فریودراوەکان ، کە بەهەر ناو و پاساوێکەوە بێت ، لەبەرامبەر ئێمەدا تۆوی ناحەزیان لە مێشك و دڵدا چاندوون ..بۆیە دڵنیابە نەك دیسان تیربارانت ناکەم ، بگرە هەر کاتێك یارمەتیت ویست ئامادەی هاوکاری کردنتم ، بەلاّم لەیاد نەکەیت ئەوەی ئامۆژگاری نەوێت ، یارمەتی دانیشتی شایستە نییە ! !

ئەوەی ناچاری کردم کە ئەم روونکردنەوەیە بنوسم و دوا قفڵ بێت لە دەرگای بیری تاریك و دەمی پڕجوێن و بوختان پژێن و تانەو تەشەر رشێنی تۆ و پۆستەچی و هاوشێوەکانتان کە زاتی ئەو هەڵەیە بکەن بدەم ، تەنها دوو سەرنجن و بەس..یەکەمیان شارەزایی و پسپۆریتان لە پاشەملگرتن و تۆمەت بۆ هەڵبەستن ، ئەوەی تریان قسەکردنتە لەسەر من ، بەبێ ئەوەی دوور و نزیك ئاشنای من بیت و بزانیت من چیم و کێم .

دەڵێن تەنها باوك پێی خۆشە کوڕەکەی لەخۆی پیاوتر بێت و مامۆستا قوتابییەکەی لە خۆی زیرەکتر ، بەلاّم تا ئەو چرکە ساتە و بوختانبارانەی تۆو هاندەرەکەت نەمزانیبوو کە کەسێك بگاتە ئەو ئاستەی لە پێناو مەرامە نەگریسەکانی سوختەی خۆی بکاتە قۆچی قوربانی و پۆستەچییەتی بۆ بکات ! !

کە تانە وتەشەنامەی بەڕێزتم خوێندەوە ، یەکڕاست گومانی ئەوەم کرد کە بەڵێ تۆ نا و کەسێکی بەرجەستەیت ، بەلاّم کراویتە دەمامك و سێبەری کەسێکی تر کە ئازایەتی و جورئەتی رووبەڕووو بوونەوەی نییە و دەیەوێ لە پشتی ناوی تۆوە ئەو سیناریۆیەی بوختان بۆ هەڵبەستنە بەرهەم بهێنێ ..چونکە چۆن گومانم لەوە نییە کە خۆر لە رۆژهەتەوە هەڵدێت ، ئاواش دڵنیام کە تۆ زۆر لەوە بیرکۆڵ و نەخوێندەوارو هەژارتری لەمەیدانی مەعریفە و دەستەپاچەییت لە بواری نووسیندا ، تا یتوانی ئەو شتە بنوسی و تۆمەت و بوختانەکان ریزبەند بکەیت ..خواو راستانیش گومان و گریمانەکەم راست دەرچوو ، ئەوە نییە کەسی دەمامکدراوی پشت ناوی تۆ ، بەدەمی خۆی بەمن و ئەوانی تر دەڵێ : من رەوانەکدنی

رلااسپاردەکەشم لە کۆڵ عومەر کردەوە و هەر بە ئیمەیلی خۆم بۆیم پۆستکرد و، وەللا بۆخوا و هەق خۆشە، لەدواکەوتنی بلأوکردنەوەی نووسینەکەش تێلم بۆ سەرنووسەرەکەی کرد ! !

هەست ناکەیت مامۆستاکەت لەوەشدا زۆر زیرەکانە مامەڵەی کردووە ، بەلأم تۆ بێئاگای لەوەی سوکایەتی پێکردووی ، ئاخر ئەو تێگەیشتووە و درك بەوە دەکالت کە لە کوردەواریدا " قاسید رووڕەشە" ، ئەمەش زۆر ئاساییە ، چونەك کە دەڵێ من پۆستمکرد و تێلم بۆ هەفتەنامەکرد ، رێك گەمە زمانەوانی و رەوانبێژییەکانی کلتورەکەتانمان بیر دەخاتەوە "كلمة حق يراد بها باطل _ اسلوب المدح بما يشبه الذم !!"

لەگەڵ رێزم بۆ هەندێ پیاوی ئایینی ، وەك ئەوەیش لە روانگەی مرۆڤ بوونەوە رێز و حورمەتی زۆرم بۆ تۆی تەفرەدراو و پۆستەچییە پیلانگێڕەکەت هەیە ، چونکە بیروباوەڕی عەلمانی فێری کردووین کە دژەکانمان چەندە داخ لەدڵ و لێوانلێو لە رق و کینەبن ، ئێمە رێزی هەستی مرۆییانەیان بگرین ، لەبەرئەوەی چۆن گومانمان لە حەتمیەتی پرۆسەی گۆڕان نییە ، ئاواش دڵنیایین کە رۆژێك دێت ناحەزەکانمان بەخۆیان دادەچنەوە شورەیی دەیانگرێ لەبەرامبەر جوێنباران و تۆمەتبارانکردنیان بۆ ئێمە ، بۆیە کەی ئێوە جوێن و بوختان بارانمان بکەن ، ئەو دەمە پێتان دەڵێین : سلأو....

بەس نییە، ئەوە هەڵوێستی بوێر و عەقلأنی و رۆشنگەری روناکبیرانی عەلمانی و دیموکراتخوازە ، کە بەردەوام تەختی دەسەلأتدارانیان هەژاندووە و چاوەڕێی پاداشتێك نەبوونە ، تا لوێوە ببنە کۆیلەی ئەوان..باش نەبوو و نیی کە ئێمەش وەك زۆربەتان بەدرێژایی پیاو و دەرباری سوڵتان و خەلیفەکان نەبووین ..ئەوە نییە مێژوو چیرۆکگەلی ئەو راستییانەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە زۆربەی هەرەزۆری (دەگمەن نەبێت) پیاوانی ئایینی و کەهەنوت پیاو و دەرباری شا و دەسەلأتداران بوونە و لەتەك ئەواندا و تەنها بۆ پاراستن و بەردەوامی پێدانی بەرژەوەندییەکانیان ، هەلپەرستانە لەگەڵ دەسەلأتە سەرکوتکار و دژە ئازادییەکاندا کەوتوونەتە شەڕی قەڵەمی بوێر و بیری روناك و هێزی پێشکەوتوخواز ...ئێ نزیکترین نموونەم لە بوارە و ئەم رۆژگارە و هەر لەو دەڤەرەدا ، تۆی دەستەپاچە و مامۆستا پۆستەچییەکەتە ..ئەو رۆژەی لە نوێژی باران لە دەشتە دیانا گەڕانەوە و بەربوونە شکاندنی جامخانە و بوتڵ و شووشەی دوکانە مەشروب فرۆشەکانی مەسیحیان ، کەهەر یەکێکتان ئەندام و کادریری رێکخستنی هێزیکی ئیسلامی بوون ، تۆ هی ......؟ و ئەویش هی ......؟ ، کە ئێستاش رۆژانە بەس بۆ پارویکی چەورتر و هێندەی سەرگەرمی مەراییکردن و ساردکرنەوەن بۆ ئەم و ئەو بوختان هەڵبەستن ، نیو ئەوەندە بیرتان بەلای شەو نوێژ و چی و چیدا ناچێت ! !

ئەریٚ بەڕاست ، ڕێگام دەدەن لێتان بپرسم ، کە گوایە کەسایەتی بەرامبەرتان بە ئەوسەر و ئەمسەرکردن تۆمەتبار دەکەن و بە عەیبەی دەزانن ، ئەوسەر و ئەمسەرکردنە کەی ئێوە حیکمەتی ئیلاهی لە پشتە؟ یان وەك دەڵێن بۆ ئێوە عادەت و بۆ خەڵکیش عیبرەت؟!

سروشتی من وایە هەقی خۆم لەسەر کەس نەهێڵم ، بەلأم هەرگیزیش ئەو مافە بەخۆم نادەم کە وەکو تۆ و هاندەر و هاوشێوەکانت لە پشتی دەمامك و لەتاریکییەوەوە و لە دواوە پارێز بۆ کەس ببەم ...بەلأم کە دەبینم تۆ هێندە سادە و ساویلکە و خۆشباوەڕ و ئاسان خەڵەتاوی..کە دەبینم و دەبیستم پۆستەچییەکەت لەم و لەو دەپاڕێتەوە ناوی لە نووسینەکەمدا نەبەم، هێندە لاواز و گوناه و دەوستوپیٚ سپی دێنە بەرچاوم، هەست دەکەم ئەگەر بە هەناسەی رقی ئێوە مافی خۆمتان لیٚ وەربگرمەوە و بەو شێوەیەی کە خۆم بە شیاوی ئەزانم ، دڵڕەق و بێبەزەییم و وێژدانم ئازار دەدەم ...ئیٚ هەر سروشتی کوردەواری وایە کە قبوڵی نییە ، کە بەرامبەرەکەت بێهێز و لاواز دەبێت و خێرخوا رادەسپێریٚ هێرشی بکەیتە سەر!!

بۆ ئەوەی خۆت لە رووبەڕووبوونەوەی فیکری و مەعریفی ببوێری ..تاکو بتوانی کوێرانە سووربیت لەسەر گشتگیرکردنی حەقیقەتی رەها و بەپیرۆزکراوی خۆت، جوێن و تۆمەتبارکردن و بوختان بۆ هەڵبەستن و تانەوتەشەر لێدان نزیکترن رێگا و میکانیزمن..مێژووی فەلسەفەکەشتان لەم بارەیەوە پڕە لە ئەزموونی لەم چەشنە و تەنانەت گەیشتۆتە ئاستی تەکفیرکردن و حەلأڵکردنی خوێنی نەیارەکانتان ، ئەوانەی بە هێزی لۆژیك وعەقڵ ململانێی لۆژیکی هێز و سەرکوتکاری ئێوە دەکەن .

ئێوە کلتورێکتان بە میرات بۆ ماوەتەوە ، هەرچی جیاوازییە مەحکوم بە کوشتن و سڕینەوە تۆمەتبارکردن دەکات...کلتوری خۆبەزلزانی و خاوەنداری کۆی حەقیقەتە رەهاکانی ژیان و بوون..کلتوری خۆ بەگەورەتربینین لە سەروی یاسا و عورف و کۆمەڵگا..کلتوری شەرعیەتدان بە دەستخستنە نێو وردەکاری ژیانی کەسەکان..کلتوری بەکۆیلەکردن و کوێرکردنی هوشیاری خەڵك لە رێگەی وەعز و تەلقین..کلتوری کوشتنی پرسیار و گومان لە مرۆڤدا....

ئێوە کە زۆربەی زۆرتان پاساوی "معلب ساری المفعول"تان بۆ تاوانی قێزەونی دژە بەهای مرۆیی مارەکردنی کچی سەر بێشکە و جاشکردنەوەی ژنی تەلأقدراو و نوشتەی تێکدانی نێوان ژن و مێد و......لا دەست دەکەویٚ ..ئێوە کە زۆرینەتان وەك حازر خۆری بەر سێبەر زەمەنێکی دوور و درێژ مشەخۆرانە لەسەر باج و خەراج و خاوەی کە ناوتان لێناوە " سەرفترە"" ی گوندنشینان گیرفانتان پڕدەکرد و ببوونە کوێخا و ئاغای چەندین گوند و خەڵکی ناهشیارو نەخوێندەواری لادیٚ نشینتان بە میزاجی خۆتان و بەئاراستەی بەرژەوەندییەکانتان مێگەل ئاسا لێدەخوڕی ، ئێستاشی لەگەڵ دابێت بەلأم بە شێوازێکی نوێتر بۆ پاراستنی پاروی چەورتر و بەرژەوەندی بەردەوامتر و خۆ دەربازکردن لە نانبڕین

لەبەرامبەر کەموکوڕی و هەڵە و کەمتەرخەمییەکانی دەسـەڵاتدا جورئـەتی رەخنـە و قەسـەیەکتان نییـە و بەوە راهاتوون وتارەکانتان بە "حفظـه الله ورعـاه" بۆ رازیکردنـی دڵیـان قفـڵ بـدەن ...ئێـوە ....ئێـوە ...بەڵام دیسانەوەی دەڵێم زۆرینەتان ! !

کە ئەمە واقیعی حاڵ و حەقیقەتی پرسەکان و دیوی روونی راستییەکان بێـت ، ئیـدی دەبـێ چ شـێتییەك بێت مرۆڤ کاتی جوانی خۆی لە وەڵامی ناووناتۆرە تاشـینی ئێـوە بـۆ بەرامبـەرەکانتان بـەفیڕۆ بـدات و چ نەنگی و شورەییەك بێت بۆ قەڵەمی جـددی و بـوێر ، بـەهای مەعریفـە و فیکـر و زانسـت بخاتـە تـەرازوی ورێنەکانتان؟ !

دوای رێزم بۆ تۆی بەلاڕێدابراو و پۆستەچییەکەت ، پێتان دەڵێم کە ئـەم روونکردنەوەیـەم بـۆ هاوکـاری و بەرژەوەندی ئێوە نووسیوە ، تا چیتر بە حـوکمی پێشـوەختە و لـەخۆڕا شـەڕ بـە خـەڵك نەفرۆشـن ..بـۆ ئەوەی دوای خۆشەویستیم بۆتان ، پێتان رابگەیەنم لەکەدارکردنی کەسایەتی خـەڵك و بوختـان پێکردنـی دەرەنجامەکەی باش نابێت..بۆ ئەوە بۆتانم یاداشتکردووە ، تا دوای حورمەتی بێپایانم بۆ ئێـوە ، پێتـان بڵێم کاتێك دارو دیواری کەلاوەکانتان شووشە بێت ، بەرد مەهاوێژنـە باڵاخانـەی خـەڵکی...بەپێچـەوانەوە من کاتی خۆم زۆر لەوە بەبـەهاتر دەزانم کـە بـە تۆمەتـەکانتانی لـەکیس بـدەم ،بۆیـە بەڕاشـکاوی پێتـان دەڵـێم : ئـەوە نـەك وەڵام نییـە ، بـەڵکو هەسـت دەکـەم خـۆم بچـوك دەکەمـەوزە ئەکـەر نـاوی بنـێم وەڵام..لـەلای خـۆم هەڵوێسـت و پەرچـەکردار و کاردانـەوە و هەڵچـوونتان هەرچـۆن و چـییەك بێـت ، ئامـادەنییم پرۆژەکـانم بـەدیار جوێننامـەکانی ئێـوە و هاوشـێوەکانتان و ئەوانـەی بـیر لـە هەڵەیـەکی وادەکەنـەوە رابگـرم ، چـونکە مـن بـڕوام بـەوە هەیـە کـە لـە کاروانێکـدا و لەگـەڵ هیواگـەل و ئومێـد و گەشبینییەکدا رێ دەکەم هێز نییە ساتمەیان پێببات! !